

# چۆن ئەم ڕۆمانە کورت بکەمەوە؟

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

– تۆ بەڵێنەکەت لەبیر کرد.
– بەڵێن! کام بەڵێن؟
– ف..ف..ف..خۆت نەبان مەکە، خۆشباوەڕیی منە کە بەقام بە هەموو بەڵێندەرێکە.
– ئاخر..تۆ نازانی تلیاکی غەریبی چی لە یاد دەکات، تۆ نازانی چۆن یادەوەرییەکان دەتاسێنێ و لاڵیان دەکات. توخوا تۆش لە جوملەی ئەوانە مەبە کە دەڵێن غەریبی خاسە!
– ف..ف..ف..ئەوا هەشت ساڵ بەسەر هاتنەوەی جاری یەکەمتدا دەگوزەرێ، بەڵام..قەیناکات، ئەم جارەیش وەک کۆڵەووژ لە بیرت وەری دەدەمەوە. بە ڕاستی سەیر و عاجباتییە، دەڵێی دنیا ناسووڕێتەوە و سەرەکان دەسووڕێنەوە. بەڵێ..ن، بەڵێ..ن.. وەک دەڵێن: بیرهێنانەوە هەڵگری پەیامێکە، پەیامێک: گەیاندنی لەوانەیە ڕووەو نیشتنەوە ڕێنمایی کفەکف و خرۆشانی بورکانێک بکات.

لە هاتنەوەی یەکەمتدا، من عەیامێک بوو لە شاری"ھ"گیرسابوومەوە. لەوێ، دوکانەکەم بە بیر خۆت بێنەوە، کە هەنێ لە جێ دوو کورسیی گەورەتر بوو. با نەیهێنمەوە بیرت کە وێنەکێشان و خۆشنووسی لە پاڵ شەڕفرۆشتن بە شیعر بێ سێ و دوو خولیایەکی گەرموگوڕم بوو، ماوەیەک لەگەڵ وەستا باجان شەریک بووم، مۆر و ئەو شتانەیشمان دروست دەکرد کە ئێستا چیدی پێیانەوە سەرقاڵ نیم، بارودۆخی هەموار و شایستەتر منەی هیچ کەسێکی نەدەکرد و هینەکەی منیش، تۆزقاڵێک لە هینی هیچ کەسێک هەموارتر نەبوو، شاری تەمەن هەزارانساڵەیش: دایمە هەوری نزمی چەرمەسەری و بەدبەختی ئابڵووقەی دەدا و دەبووە خانەخوێی میوانی ڕەزاقورسی ترس و سامی بەردەوام و هەمیشە لوتفی بەرانبەر دەنواند، دوکانەکە: کەوتبووە ژێرخانێکەوە، ئەگەر میوانێکم بهاتایە، ئەوە من دەبوو بە پێوە بوەستم. ئەو ڕۆژە مەیلەو زستانییەی مانگی شوبات کە هاوشانی سیروان موعەللیم دەرکەوتیت، وەمزانی تارمایی

دەبینم، چونکە ئەوەی کە هەرگیز نەمدەتوانی باوەڕی پێ بکەم هاتنەوەت بوو! قەدوقیافەتت ژمارەیەکی دیاریکراوی لەبەر چاوەکانمدا بەرجەستە دەکرد، سەرەتا تیامام، نەمزانی بۆ وەک ژمارە دێیتە ناو بینینمەوە، بەڵام پاش قەدەرێک، ئەو شلوێ بوونەی ڕوانینم ڕەویەوە، چونکە زانیم کە مێشک و یادم ڕوانینمی خستووەتەوە ژێر کارکردەوە، بە بینینت: مێشکم دەمودەست ژمارەی ئەو ساڵانەی لێک دابووەوە کە لێرە دابڕابووی، کە ئێمە لێک دابڕابووین: چواردە..چواردە..چواردە..

قرت..قرت..قرت..بە شێوەیەکی خۆوەکییانە دەنکە قەزوانەکانم بە ژێر پەنجەکەڵەمدا ڕەت دەکرد وەک بڵێی دەست بە سەری ساڵە هەتیوەکاندا بهێنم. بە هەرحاڵ، سەرێکم کێشایە دەرەوە و هاوارم کرد: دوانزە عیلم م..سێ چایمان بۆ بێنە.

تۆ، هیچ بوارێکت نەدا و پرسیت: چەنێکە شاری "ک"ت نەدیوە؟

- دەوروبەری حەوت ساڵە.

قەدەرێک، بێدەنگی بووە ئۆکسجین و قووڵ قووڵ هەڵمانکێشا، ئینجا بە جۆشوخرۆشێکی تەنوورئاساوە کەوتینە هەڵقرچاندنی چیلکەوچەوێڵی خولیاکانمان و تاووتوکردنی سەرزەمانێک، ئەگەرچیش گەلێک لێی دوور کەوتووینەتەوە، کەچی لە هەناسەکانیش لێمان نزیکترە، ئیتر دڵداری وەک موگناتیسێک ڕاپێچی کردین و گڕگڕ گڕگڕ هاتینە سەری. دڵداری مەراقێک بوو لەوە دارماڵی کردبووین کە خۆمان لە شتێکدا بدۆزینەوە، بەها و کەماڵمان بداتێ..

ئیتر شتێک ڕووی دا..

نا.. زۆر شت ڕوویان دا.. ئەوەی ناخۆشنوود بووایە، شەقڵی بە خەم و پەژارەیەکی هاوبەش دەبەخشی، ئەوەی خۆشنوودیش بووایە، کە بێ گومان زۆر زۆر کەمیش بوو، بەرجەستەیی بە ئۆخژن و شادییەکی هەمەکییانە دەبەخشی.

تۆ هێشتا لێرە هەڵنەکەنرابوویت، ئەوەی ڕووی دا، لێم مەپرسە بۆ، بەڵام دەزانم، یەکەم دنیاکەی تۆی نغرۆ و ژێرەوژوور کرد، ئەوجا داروپەردووی بە چەند دنیایەکی تریش بەخشی. تۆ لەو دنیایانە بێ ئاگا بوویت، مادامەکێ بەڵێنەکەت بیر نەماوە، ئەوەشت هەر لە یاد نییە کە من بۆم گێڕایتەوە!

- تۆ بەڵێن، بەڵێنی چیتە؟

تۆ لەوێ نەبووی تا بزانی، ئاخر هەر بە تەنیا دنیای تۆ نەبوو، خەڵکی تریشی تیا بوو، کە تۆشم بینی دەمویست خەبەری ڕووخان و داتەپینی دنیاکانی ترت پێ بدەم. دەردەدڵ تەنگی پێ هەڵچنیم، چونکە زەمانێک بوو دڵم دەرد و خەفەتێکی ئێجگار زۆری تێ وروووکابوو، دەمێکیش بوو نەم تەکاندبوو، چی بڵێم، دنیای ئێستا ئەوەنە شەمزاوە، متمانە شتێکی دەگمەنە تێیدا و ئێمەیش. هیچ هاوبەشییەکمان لەگەڵ ئەم دنیا سەیر و سەمەرە تازەیەدا نییە، هێشتایش دێتەوە یادم کاتێ کە ئەمەم دەربڕی، هەستم بە وشکوبرینگی کرد، چاوەکانی بزرکان، سەرم وەک ئاشێکی ئاو لێبڕاو قورس قورس هەڵگەڕا، خەریکبوو چوون هێشووە ترێیەک بە سەر سنگمدا شۆڕبێتەوە، جگەرەیەکی ترم خستە نابەینی لێوەکانمەوە، بەڵام تۆ نەتهێشت بە قنگەجگەرەکەی پێشووم دایگیرسێنم، لێگەڕای دواجار لە وشە داخ لەدڵەکانمەوە دووکەڵ پەیتا پەیتا بەرزبێتەوە، ئەگەر ئەوەم بیر نەهاتبایەتەوە کە جارەهای جار فرمێسکەکانت پەنجەکەڵەیان خەڵتان کردووم، شەرمێکی کوشندە زەفەری پێ دەبردم، بەتایبەتی ئەو جارەی بە تەما بووی شتێکم لا بدرکێنی، کەچی شتێکی تر بووە ئاستەنگ، شتێک، دواجار زانیم هاوڕێیەتییەکەمان بوو، ئەو بوو نەیدەهێشت ئاستەنگەکان بشکێت، بەڵام کە پێم زانی ئیدی زۆر درەنگ بوو، هیچ شتێک لە دەست نەدەهات.

ئەگەرچی دەرەنجامەکانی ئەم سەربردەیە بەردەوامە و ڕۆمانێکە بێ دوایی، بەڵام هەوڵی ئەوە دەدەم کورتی بکەمەوە، هیچ نەبێ ئەو پاژەی کورت بکەمەوە کە ڕاستەوخۆ دنیاکەی تۆی پڕپڕ کرد لە داروپەردوو.

چی بڵێم؟ کە سەری پەنجە کەڵەکانم بەیاد هاتنەوە، ئیتر زات گەڕایەوە بەر گیانم و چاوەکانم هەڵبڕی، ئەو پردەی لە مێژ بوو دووری تەفروتونای کردبوو، دیسان بوارم بۆ ڕایەڵ بوونەوەی خۆش کرد. لەو چرکەساتەدا، هەستم کرد زەمانێکە، زەمانێکە نیازێکم هەیە، نیازێک: پێم وابێ لەگەڵ چرکەساتێکی مەولانای ڕۆمیدا یەکانگیر بوو، ئەو دێڕەی پاییزی پێشووتر ڕۆژهەڵاتییەک هێنابووی تا بە خەتی شکستە بۆی بنووسمەوە، سەرلەنوێ ئامادەی بیرم بووەوە، ئەوەی کە سەرم لێی دەرنەدەچوو، ئەو خۆی بۆی وەرگێڕام و تابەحاڵیش نیوە بەیتەکەی دووەمیم هەر لادا ئامادەیە و لەبەر خۆوە جاروبار دووپاتەی دەکەمەوە، کە دەڵێت: لە دێو و درنج بێزارم و ئینسانە ویست و ئارەزووم، ئەو ساتەوەختەش لەبەردەم تۆدا ورەورم کرد و چەند جارێک دووبارەم کردەوە و بێڕادە تاسەی ئەوەم کەوتە جۆش کە تۆز و گەردی ئەو ڕووداوەی منی وا لێ کرد بزانم دڵت بە کێوە بووە. دوای ئەوەی کە بیستت باوکم "ڕۆژین"ی بە

شوو داوە، تەنیا کەڕەتێک هاتیتە لام، دڵپڕ کەسەر و دەستەپاچە بوویت، بە هەموو شتێکتدا ئاشکرا دیار بوو، پەشۆکام، کتوپڕ پەنجەکەڵەکانم بەهرەی خۆیان لە کیس چوو، ئەو جارە دەتویست ئەو شتە بدرکێنی کە دەبووایە بیزانم، کەچی وەک جارەکانی تر نەتتوانی و هەروا ڕۆیشتی، تەنانەت ئێستاش سۆراغیت پێ... بەڕاستی ئەو کەینوبەینەی دەرەنجامەکەیت بۆ دەدرکێنم مۆرکی خۆی هەتاهەتایی خستە سەر لاپەڕە تاریکەکانی یاد و منیش ئێستا سەرلەنوێ تۆز و گەردی ئەو سەربوردەیە بەسەر پەردەی گوێیەکانتدا دەتەکێنم. بە ئازارە، بێڕادە بەئازارە، بەڵام وەک کێڵگەیەک هیچ چارەیەکی دیت نییە و هەردەبێ گاسنی خۆی لە ناخت بچەقێنێ.

دەمەدەمی نیوەڕۆ، کە سیروان موعەللیم بەرەو دەوام ڕۆیشت، تۆ، پێشتر قەت ئاوها نەمدیتبووی، باری کەسێکت هەبوو کە بیەوێ لە شتێک هەڵبێت، هەستم کرد ڕابوردوو ئەو شتەیە کە ئەو بارەی پێ بەخشیوی. تەماشام کرد قامکەکانی دەستە ڕاستت لە سەر ڕانە لەرزۆکەکەتدا هەڵدەبەزنەوە، وەک ئەوەی کلیلەکانی پیانۆیەک بن و کەسێک ئاوازێکی نەشازیان پێ بژەنێت. دەستوبرد وتم: وەرە ئەم نیوەڕۆیە داوەتی فەقیرخانەکەی من بە، تەماتە و ڕۆنێک بە... ئەم ڕستەیەم بە ترس و لەرزێکی لە ڕادەبەدەرەوە دەرپەڕاند، ئاخر چۆن بە بێ ترس و لەرز دەردەپەڕی؟ خۆ کەس نەبوو نەزانێ ئەوانەی هەندەران تێروتەسەل بوون و..ئیتر بۆ ساتێک هەستم لە قوڕاوی پەشیمانی گەوزا و بە خۆم وت: تۆ بڵێی بە سووکایەتی لێکی نەداتەوە؟ تۆ بڵێی... دوودڵ بووم لەوەی نەبا وەک زۆربە گۆڕانێکی نەرێنییانە تۆشی گرتبێتەوە، بەڵام کە ڕەزامەندیت دەربڕی، بوێرییەکی شەرمن لە ناخمدا سەری هەڵدا و وتم: جارێ زووە، چی دەڵێی بە پیاسەیەکی جاری جارانانە بەرەو ماڵ بڕۆینەوە؟

ئینجا بە سەر ڕاوەشانێک وەڵامت دایەوە.

من بە گوزارەی "جاری جارانانە" فریوم دایت، کرێی تەکسییەکەم بە هەنێ شتی ناچیز دا و دوو هێلکەشم کڕی و تابڵێی بە یادەوەری و ڕابوردوو قورس بەرەو ماڵ گەڕاینەوە، وەک ئەوەی بەرەو ناو خۆم، خۆمە ڕاستەقینەکەم شۆڕبمەوە، چونکە یادەوەری و ڕابوردوو، کە زیندوو بن، خۆناسین بەرجەستەترە.

باش بوو، چەند ڕۆژێک بوو"ژاڵە" چرووبووەوە بۆ شاری"ک"و تەنیا بووم، بۆیە وتم باش بوو، چونکە نەمدەویست بەوە بزانێت کە کاتی خۆی دڵی من عەرشی ژنێکی دی بووە و تا ئێستاش یادگار و ئاسەوارەکانی جوگرافیایەکی مێژووییان تێدا بەجێ هێشتووە. ئاخر ئەگەر دەردەدڵم بکردایە، پێم ئەغز دەبوو ئەو دوو گوێیە تر بێت و وشەکانم تێیاندا خۆیان بکەن بە پشکۆ و..ڕەنگە نەشپرسیت بۆچی؟ بەڵام من هەر پێت دەڵێم: چونکە ئاشکرایە تۆ دەزانی و بیرت نەچووە کە من بە تەمای کێ بووم؟

–بە تەمای بەهێ ناوێک بووی.

– بەهێ ناوی خوازراو بوو.

هەناسەیەکی ئاگراویم هەڵکێشا و ژێر لێوەکییانە وتم: ئەویش بە یەکێکی دی درا! ئێمە ئارەزووەکانمان هەمیشە دەبێ بە تراویلکە، ئەوانی تر وای لێ دەکەن، ئەوانی تر. دەی چی بە ڕۆژگار بڵێم، ئەوسا و ئێستاش، هەر لەو باوەڕەدام کە مرۆڤ تەنیا بە خۆشەویستی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەگەر خۆشەویستیشی لێ زەوت کرا، ئەوە تاهەتایە لە خۆی گومڕای دەبێ. ڕۆژگار، ڕۆژگار ئا لەم جوگرافیایەی ئێرەدا چەپگەردە و هەمیشەیش لەخۆ گومڕاکەرە.

کە نیوەڕۆژە شەرمێونەکەمان گوزەراند، وتم: من بیست و یەک ساڵان بووم، ڕۆژێ بیستم کە پوورە "شوکرییە"م بە باوکمی گوتووە: ئەگەر"ڕۆژین"ی خوشکم بۆ"شەوگار"ی کوڕی نەبێت و"نازێ"ش بۆ"من"نەبێت، ئەوە گشت شتێک لە نێوانماندا هەرەس دەهێنێت! زۆری نەبرد، ڕۆژین هەر بە کراسەکەی بەری خۆیەوە پێشکەش کرا و منیش، هەر بەرهەڵستیم کرد و پێداگریم لەسەر ئەو هەڵویستەی خۆم کرد کە: من ئێستا نامەوێ ژن بێنم، ئەوانیش هەر لە مرخەکەی خۆیان خۆش نەدەبوون، گەرچی"نازێ"تا بڵێیت ناسک و شۆخوشەنگیش بوو، بەڵام پێویستە مرۆڤ بژاردەی هەبێت، بێ بژاردە ژیان هاوشانی هیچە. وەک وتراویشە هەنگوینیش دابنێی مێش هەر بەسەر شتێکی تردا دەنیشێتەوە! ئیدی من چۆن ئەم چارەنووسە کورت بکەمەوە؟ چۆن؟ کە تاهەتایە دەبێ نەک هەر بە بیر و یاد و خەیاڵ، بگرە بە ئاه و حەسرەتەکانیشم بیگێڕمەوە.

بیست و یەک ساڵان بووم، نە دەبوایە بژاردەم هەبێ، نەشدەبوایە بەرهەڵستی بڕیارێک بکەم کە ئەوانی تر دەرهەق بە ژیانی من دەیان دا. پێویست ناکا باسی ئەو تێهەڵدانە دووبارە بگێڕمەوە، چونکە خەڵکی هەموو کۆڵانەکە بە تۆشەوە کەینوبەینەکەی خانووی ژمارە ١٤٤ لەسەر ١٧١ دەزانن، خۆشم ئەوەم بە ئاسانی فەرامۆش کرد، بەڵام ئەو هەموو گووەی کە پێیان وتم بیخۆم و هەمیشە لە یادەوەریمدا دەمکات بە سیسرکەیەکی هیچی ناو زیرابەکان، هەمیشە بۆنێکی پیس بە گشت ژیانم

دەبەخشیٚ! ئەگەر لە ماڵەوەتان بپرسی، تەنانەت دەقاودەق وردەکارییەکانیشت بەبیر دێننەوە و دەزانن ماوەیەک لە ماڵ تۆرام و چوومە ماڵی خاڵە سمایلم، بەلام یادی بەخێر، دایکم کە بە دوامدا هات، تۆران و سەرکێشییەکەم بوو بە گیانەوەرێکی دەستەمۆ و لۆژلۆژ دوای کەوتم، ڕۆیشتمەوە، بەلام ئەو کارەی باوکم و شەپەلاغەکانیم هەرگیز نەبەخشی و هەرگیزیش نایبەخشم.

ڕۆژی شاییەکە، ماڵمان جمەی دەهات، ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، دەتگوت ڕۆژبازاڕی قیامەتە هەروەک باوکم دواتر گوزارەی لیٚ دەکرد، بەلام من شتێکم بینی، ئەو شتەیش بوو بە دووەمین هۆکار بۆ ئەوەی بە قەراری قەتعیی "نازیٚ" ڕەت بکەمەوە. ئەوەش بیٚ گومان سەلمێنەری ئەوە بوو کە ئەویش کەسێکی دیکەی بە دڵە. ئەو کەسەش فەرهادی مامە عزەددینم بوو، چونکە لە پێچی حەوشەکەماندا، لەبەر ڕووناکی ڕێکەوتێکدا، بینیم دەستی یەکیان گوشی و کەسیش تێبینی ئەوەی نەکرد کە بوونە کۆمەڵێک بەڕووی ناو پشکۆ و تریقانەوە.

گلۆڵەی شتەکان ئاوها کرانەوە.

چەند مانگێک پاش شاییەکە، "مام خدرۆک"لەگەڵ خۆی منی بۆ شاری"ه"برد، چونکە ئەوسا ئەوان لەویٚ دەژیان، دوای نیوەڕۆیەک، بگرەوبەردەیەکی زۆری هێنا و برد، "نازیٚ"ی پیٚدام و وتی: هیچ خەمت نەبیٚ، نەڵێی من هێشتا قوتابیم و هیچم نییە، تەواوی خەرجی و تێچوونی ئەم مەسەلەیە خۆم لێی بەرپرسیارم. لەگەڵ ئەوەشدا من دوو هۆکاری سەرەکی و چەند هۆکارێکی لاوەکیشم بۆ قبوڵ نەکردن، شک دەبرد، لەوەش بترازیٚ، چۆن ئەوەی کە دەبوایە خۆم بۆ خۆمی ئەنجام بدەم، غیرەتم بەرایی دەدا لێگەڕێم یەکێکی دی بۆمی بکا و بۆ تاهەتایە منەتبارم؟! مەحاڵ بوو، هەرگیز نەدەبوو بواری شتێکی لەو بابەتە بدەم. تۆ چاو لە شەرمنییەکەی ئەو کاتەم بپۆشە، ئەگەرچی بێڕادەش ئارەزووم لە ژنهێنان بوو، کەچی بە شێوەیەکی ئەوتۆ ڕەتم کردەوە نەمهێشت هیچ شتێک برووشێت و پیاوەتییەکەی مام"خدرۆک"یش پێماڵ بێت، بیٚ گومان لە دڵەوە ئاواتی ئەوەم دەخواست "بەهیٚ"بووایە و پێیان بووتمایە: ها چی دەڵێیت؟ ئەوسا منیش بیٚ سێو و دوو بمگوتایە: خەیرول بڕی عاجلوهو، ئەوجا گورج دەستی مام "خدرۆک"م ماچ کردایە، بەلام هەیهوو هەیهوو.

ئیتر تا ماوەی دوو ساڵ ئەوان هەر بە تەما بوون و ڕەنجێکی فەرهادانەیان بە خەسار دا و منیش هەر ڕای خۆم نەگۆڕی، تا ڕۆژێک بە بیٚ هیچ هەنجەتیٚ، "ڕۆژین"یان بە باوڵە ڕەشەکەیەوە هێنایەوە و دایانەوە بەسەر باوکمدا! بەڵیٚ ئەگەرچی بەستەزمانە ماڵی قەڵبیش نەبوو، کەچی دایانەوە بەسەر خاوەنەکەی.

ئەوانی تر هەمیشە ئارەزووەکانمان دەکەن بە تراویلکە.

دوای ئەمە و پاش بێدەنگییەکی تابلێی بەسەروسەدا، وتم: هەستە با بچینەوە بۆ دوکان، چایەکەمان لەویٚ لەلای دوانزەعیلم دەخۆینەوە.

کە چایەکەشمان خواردەوە، نازانم چۆن بوو تۆ شتێکی زۆر سەیرت وت.

–نایەتەوە بیرم.

– وتت: لەوساوە ژیانی من شتێکی عاجباتی لیٚ بەسەر هاتووە، وەک کرم خشکە خشکێتی، دەڵێی قاچێکی شکاوە و دارشەقیشی نییە، ئیتر ئازار و ژانێکی مەحاڵ و بەرگەنەگرە، بەلام ساڵانێکی زۆرە خۆزگەی ئەوە دەخوازم ژیانم وەک ئەو ئاسکە ڕاکردووە بێت کە بەبرێک، یان پڵنگێک دەیەویٚ بیکات بە نێچیر، پڵنگێک، پڵنگێکی مەرگ، خۆزگە ئاوا ڕادەبورد و زوو لە تاقەتی دەخستم و دەیکردم بە لوقمەیەکی خوراو، ئەوجا وتت: لەبەر ئەوەی هێشتاش ئەو هەموو شتانەی لە دنیاکەماندا هەن، بە ناخۆشییە زۆر و زەوەندەکانی و خۆشییە ناچیزەکانییەوە لە تویٚی هیچ کتێبێکدا بە تەواوەتی ڕەنگرێژ نەکراون، ئەگەر پێم کرا ئەم سەربردەیە بنووسمەوە پێت گران نابێت؟

هەرگیز بیرم ناچێت چ وەلامێکم دایتەوە.

– من هیچ شتێکم بیر نایەتەوە!

– پێم وتی بە مەرجێک کورتی بکەیتەوە.

تۆش وتت:

– ئاخر چۆن کورتی بکەمەوە؟ مەگەر ئەم چارەنووسە تا ئێستا درێژەی نییە؟ مەگەر هەموو شتەکان هەر وەک خۆیان نەماونەتەوە؟ ئیتر چۆن چۆنی کورتی بکەمەوە؟

– زۆر ئاسانە، وەک چۆن بەبیٚ وردەکاری بۆم گێڕایتەوە و هەر تەنیا لە گۆشەنیگایەکەوە بوو، ئەئاوا، ئەگەر تۆش هەر بە هەمان شێوە بیخەیتە ناو قاڵبێکی ماقوولەوە، گێڕانەوەکە خاو نابێتەوە و زۆر درێژەش ناکێشێت.

– پێم وا نییە، چونکە ئەمە شتێک نییە بە ئاسانی کۆتایی پیٚ بێت و درێژە نەکێشێت.

**نیسانی ۲۰۱۷: لەندەن**